## مینۆرسکی لە بۆکان

پرۆفیسۆر ولادمیر مینۆرسکی توێژینەری ناسراوی رووس کە چەندین وتاری لە سەر کورد نووسیوە، لە ساڵی ١٨٧٧ لە رۆژئاوای شاری مۆسکۆ لە دایک بوە و لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە لەندەن کۆچی دوایی کردوە.

مینۆرسکی لە ساڵی ١٩١٥دا لە پترۆگراد وتارێکی بە زمانی رووسی بە ناوی"کورد-تێبینی و وردبوونەوە" بڵاوکردۆتەوە، کە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە ساڵی ١٩٦٨دا کردوویەتە عەرەبی و پاشان کاک حەمەسەعید حەمەکەریم فەرەج لە ساڵی ١٩٨٤دا لە بەر دەقی عەرەبیەوە وەریگێراوەتە سەر کوردی. ئینجا کاک حەبیبوڵلاتابانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەقی کوردی بە یارمەتی وەرگێڕاوە عەرەبی و فەرانسییەکەی کردۆتە فارسی.

ئەم هەڵبژاردەیەی ئێستا، لە بەشی"رەوشتی کورد"ی دەقە کوردییەکە وەرگیراوە، کە تێیدا باسی سەفەرێکی مینۆرسکی و هاوڕێکانی بۆ بۆکان دەکرێت. سەفەرەکە لە ساڵی ١٩١١ و لە سەردەمێکدا بەرێوە چوە، کە مینۆرسکی کاربەدەست و جێگری کۆنسوولی روسیای قەیسەری بوو لە شاری ورمێ و دەنگتر، لە چەند مانگ پێش سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٨)دا وەک ئەندامی لێژنەیەک بۆ دیاری کردنی سنووری تورک و ئێرانی، سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی سەرسنووری دەکرد. لێژنەی ناوبراو لە چوارنوێنەری رووسی، ئینگلیزی، ئێرانی و تورک پێک هاتبوو، بەڵام رووداوەکانی شەڕ ئیش و کاری توێژینەوەی پێ وەستاندن.
سەرچاوە: مینۆرسکی، کورد- تێبینی و وردبوونەوە، د. مارف خەزنەدار لە رووسییەوە کردوویەتی بە عەرەبی، حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویەتی بە کوردی، چاپی بەرێوەبەرایەتی زانکۆی سەلاحەدین، سلێمانی،١٩٨٣

"... لە کوردستاندا گەلێ لایەنی زۆرتری ژیان هەیە، وەکوو خۆشی و فراوانی و کامەرانی لە قەڵای سەرۆکەکانیاندا. لێرەدا هەوڵ دەدەم باسی ژیانی هاوڕێی بەدبەختم"سەردار موکری"* بکەم کە تورکەکان لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ و لە رۆژانی داگیرکردنی تەورێزدا کوشتیان.
لە ساڵی ١٩١١دا،"سەردار" دەعوەتی کردین بۆ دیوەخانەکەی خۆی لە شاری بۆکان. جا هەر لە گەڵ ئەوەی نزیک شوێنەکە بووینەوە، ئیتر هەر پێنج دەقیقەیەک، کۆمەڵێ سوار پێشوازیی ئەکردین. دوای ئەوە، کوڕەکەی سەردار هات و پێشوازی لێ کردین. خزمەتکار و جووتیارەکان خواردەمەنی جۆراوجۆریان هەڵگرت و هێنایان بۆ ناو باخچەکەیان،کە بە دەوروپشتی حەوزێکدا** چەند خێوەتێک هەڵدرابوون. نانی نیوەڕۆمان خواردو دوای ئەوە چایی و جارێکی تر خواردن و هەمووشی لە گەڵ ئاوازی گۆرانی و مۆسیقادا بوو. ئەم دەعوەتەش تەنها بۆ ئێمە نەبوو، بەڵکوو قازانێکی گەورەی برینجیشیان ئامادە کردبوو بۆ خزمەتکارەکان. هەرگیز ئەو دوو ماسیە قەڵەوەم لە بیر ناچێتەوە کە بە تایبەتی بەم بۆنەیەوە راویان کردبوون و ...هتد.

سەخاوەتی"سەردار موکری" وای لە دراوسێکانی کردبوو لە هەموولایەکەوە رووی تێ بکەن و بە کۆمەڵی گەورە گەورە ئەهاتن بۆ لای و ئەویش ماوەیەکی دوور و درێژ میوانداریی ئەکردن و ئەوانیش ئەیانزانی کە چوونە لای، رێزیان لێ ئەگرێ و خۆشی ئەوین..."

(لاپەرە ١٣٦-١٣٤)
* محەمەد حسێن خانی سەردار، کوڕی سەردار سیف الدین خانی باباميری کە گۆڕەکەی"قسنی سەردار" لە شاری بۆکان نێژراوە.
** زۆر واهەیە حەوزە گەورەی ئێستا بێت، گەرچی سەردار باغی دیکەشی بۆ ئیستراحەت و رابواردن هەبوو.